ئەرێ عەبدوڵڵاپەشێو قەدەغەیە..؟

فەخرەدین تاهیر

(١)

ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعری عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیردا، دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، من ئەو دەمە وەك گەنجێکی هەرزەکار ماوەیەکی کورت بوو، خۆم لەنێوەندی بزاڤی هونەری و ئەدەبی لەدەستپێکدا لەقوتابخانەکەماندا و دواتر لەنێو کۆڕو کۆمەڵدا بینیبووەوە، ئەو دەمە بەدیقەت شیعری پەشێوی شاعیرم دەخوێندەوەو بەسەرسامیش هەڵوێستە شیعری پەشێوو هەڵوێستی کوردانەی ئەوم نەور دەکردەوە. بیرمە ساڵ ساڵی (١٩٧٢) بوو، یەکەمین فیستیڤاڵی شیعری کوردی لەشاری کەرکوك لەڕێکەوتی (٢٢، ١٩٧٢/٣/٢٣)دا سازدرا، عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیری دیکەدا بەشداری لەو فیستیڤاڵەدا کردبوو. شوێنی کۆڕی شیعر خوێندنەوەکە هەروەك ماموستا کەریم شارەزای شاعیرو نووسەر لەم ڕۆژانەدا بۆی گێڕامەوە، قوتابخانەی ئیمام قاسمی کەرکوك بوو. لەسەرەتا سەر لەبەیانییەکەی وتاری حیزب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەخوێندرێتەوەو دوای نیوەڕۆکەشی نۆرەی کۆڕی شیعر خوێندنەوەکە دێت.

پەشێوی شاعیر لەوێدا هەندێك لەهەڵبەستەکانی و بەشێك لەدوانزە وانەکانی کە بۆ منداڵانی نووسیوە، دەخوێنێتەوەو دەستپێکی شیعر خوێندنەوەکەی بەم وانەیە دەست پێدەکات و تێدە چریکێنێ و دەبێژێ:

منداڵەکان!
ئەی برسییە ژین تاڵەکان!
لەسەر سنگە،
نەوتاویەکەی، بابەگوڕ گوڕ
نزیك... تاڤگەی
سەرەو ژووری، زێڕ ڕێنی گر...
گا کۆیەکی بچکۆڵەم دی،
لێی نووسرا بوو:
"ئالێرەدا منداڵێکی، چاوگەشی کورد
لەبرسا... مرد!".

* * *

(٢)

من ئەوا نزیکەی (٣٥) ساڵە لەگەڵ هەڵوێست و شیعری پەشێوی کوردپەروەر دەژیم و خووم پێیانەوە گرتووەو لێی جیانابمەوەو لێم جیانابێتەوەو بەبەردەوامی وەك تارمایی خۆم لەگەڵمدایە.

من ناخوازم لێرەدا باس لەشیعرو شاعیریەتی و هەڵوێستی کوردپەروەرو نەتەوەییانەی عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر بکەم، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیبێژم: دیاردەیەکە دەمەوێت بەئاشکراو ڕاشکاوانە بیخەمەڕوو، کە ماوەیەکە لەنێو ڕاگەیاندنی کوردی لەباشووری کوردستاندا بەگشتی و لەهەولێری پایتەخت بەتایبەتی ئامادەیی هەیە. بێگومان دیاردەکە دیاردەیەکی قێزەوەنە...!

پێموایە خستنەڕووی ئەو جۆرە دیاردانە، هەرچەندە جێی نارازی بوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دەبێ، بەڵام پێویستە بەڕوونی و بەئاشکرایی ئاماژەی پێبدرێت.

بۆچی ئێمە لەئاست ئەم کردەوە ناشارستانیانەو دوور لەمافی تاکە کەس و یان هەتا مافی بەکۆمەڵیش قوڕو قەپی لێبکەین و نەوێرین باسیان لێوەبکەین..؟

پێموایە هەنوکە قۆناغەکە قۆناغی قسەکردنە، قۆناغی ڕیسواکردنی بەدکرداری ئەو جۆرە کارانەیە کە ئێستاکە سەردەمیان بەسەرچووە. هەنوکە قۆناغی خۆئامادەکردنە بۆ هوشیاری نەتەوەیی، کە هەرچەندە درەنگیشە، بەڵام نەچووە بچێت، بۆ هەر جۆرە هەنگاوێکی لەم شێوەیە، هێشتا زووەو درەنگ نییە. گەرەکە خۆمانی بۆ ئامادەبکەین و نەتەوەکەشمان لەتەنگژەی لاوازی هەستی هوشیاری نەتەوەیی ڕزگاری ببێت.

بەهەر حاڵ باشتر وایە بێمە سەر ئەوەی کە ئەو دیاردە قێزەوەنانە چینکە بەرۆکی ئێمە مانانیان گرتووە وەك مێردەزمە لێمان نابنەوە..؟

* * *

(٣)

بەڵام بەر لەوەی ئاماژە بەم دیاردانە بدەم، باشتر وایە ئاوڕێکی خێرا لەهەڵبەستی پەشێوو ئاوازی هونەرمەندان و سترانبێژان بدەمەوە، باسێك لە پەشێوو هونەرمەندان بخەمەڕوو. عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر یەکێکە لەشاعیرە ناودارەکانی کورد کە زۆربەی هەرە زۆری هەڵبەستەکانی لەلایەن ئاوازدانەرو سترانبێژان وەك ستران و سرود تۆمار کراون، لەمانە (تاهیر تۆفیق، ڕەسوڵ بێزار گەردی، فوئاد ئەحمەد، یەحیا مەرجان، خێروڵڵا محەممەد، محەممەد جەزا، عەزیزی شاهرۆخی، مەرزیە فەریقی، گرووپی کامکاران، هاوتا ئەسعەد، خالید ڕەشید، بژار دیلان و... تاد).

هەنوکەش بەبەردەوامی هەڵبەستەکانی پەشێوی شاعیر ڕەواجی زێدەتر بۆ ئاوازدانان لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە لەبرەودان.

* * *

(٤)

ساڵی پار لەڕێکەوتی ٢٠٠٤/١٢/١٨دا گوایە بە یەکجاری گەڕاومەتەوە زێدی باب و باپیران و لەپیرە هەولێری بارو بنەم لێ خستووە، لەگەڕانەوەمدا دەست و دیاریم بۆ کەناڵی سەتەلایتی کوردستان بەرهەمی هونەرمەندی ناسراو (بژار دیلان) بوو، کە بریتی بوو لەسروودێکی نەتەوەیی لەهەڵبەستی شاعیری ناوداری کورد عەبدوڵڵا پەشێوەو هەڵبەستەکەش نێوی (سروودی ئاڵا)یە. ئاوازو دابەشکردنی مووزیك و وتنی (بژار دیلان) خۆیەتی و لەسەر (CD- singel) یێك تۆمار کراوە.

(سروودی ئاڵا)ی پەشێوی شاعیر لەسەرەتا بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێ:

باڵت لێکەو هەر بشنێوە
ئاڵای پیرۆز، سۆمای چاومان،
ئەی درەختی بەژنسۆری
ڕووباری خوێن پاراومان
تۆ بەری دەستی زەردەشتی
پەلکە زێڕینەی بەهەشتی

* * *

لەدوا کۆپلەشدا بەم شێوەیە بەکۆتا دێت و دەڵێ:

ڕۆژانی جەنگ تۆ پێشەنگی
لەئاشتیدا هێمای دادی
لەنسکۆدا شنەی هیوا
ژیانەوەی شکۆی مادی
تۆ بەری دەستی زەردەشتی،
پەلکە زێڕینەی بەهەشتی

دوای ئەوەی هونەرمەندی موزیك ژەن ماموستا سەید ئەحمەد ڕواندزی و بەئامادەبوونی هونەرمەندی موزیکژەن هەڵبەست سەلاح گوێیان لەسرودەکە گرت و دواتر پەسەندیان کرد، ئەوا نزیکەی یەك ساڵی ڕەبەقە ئەم سروودە لەلایەن کەناڵی ناوبراوەوە بڵاو نەکراوەتەوە. زۆر سۆراخم کرد، مەخابن هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوتەوە..!!

* * *

(٥)

ڕۆژێکیان بەڕێکەوت لەشاری ستۆکهۆڵم لەو ستۆدیۆیە بووم کە ئەم سرووودە کاری هونەری لەبواری تۆمارکردنی مووزیك و میکس (Mix) کردنی بۆ دەکراو لەدوا قۆناغی تەواوکردن دا بوو، هاوکات دوو هونەرمەندی سویدیش کە بریتی بوون لە (ئۆسکار دانییێلسۆن– Oscar Danielson) پسپۆڕە لەبواری ئاوازدانانی گۆرانی و مووزیك بۆ شانۆو (پییێرە کارۆنبراند–Pierre Carnbarnd) پسپۆڕە لەبواری ئاوازدانانی مووزیکی فیلمی سینەمایی لەوێ ئامادەبوون و بەدیقەت گوێیان لەسروودەکە گرتبوو، کاتێك لەگوێ گرتنی تەواو بوون، لەم دوو هونەرمەندە بەڕێزەم پرسی: ئەرێ دەتوانم بزانم ئێوە دیتن و رامانتان دەربارەی ئەم سرووودە چییە..؟

لەوەڵامدا، هەردوو هونەرمەند یەك وەڵامیان دامەوەو وتیان: "لەلای ئێمە مووزیکی کوردی ناموێیە، وامانلێدەزانی مووزیکی کوردی هەر بەشێواز ڕۆژهەڵاتییەو مەجالی گۆڕانکاری تێدا نییە. بەڵام کاتێك گوێبیستی ئەم سرووودە بووین، بۆمان دەرکەوت کە بەسکێڵێکی ئەوروپایی کراوە، دیارە مووزیك و سترانی کوردیش مەجالی زۆری تێدایە لەم ڕووەوەو جێی دڵخۆشییە.

دەربارەی میلۆدی و وتنی ئەم سرووودەش هەستدەکەین کە میللەتێك تێکرا لەنێو سەنگەردایەو بۆ ڕزگاری وڵاتەکەی دەجەنگێت.

ئێوە دەزانن تائێستاکەش ناسیونالیستەکانی ئەوروپا، ئا بەم شێوەیە سرووود دەخوێنن..؟

بەزەردەخەنەیەکەوە ڕووی دەمیان لە بژار دیلانی هونەرمەند کردو وتیان: "براڤۆ بژار... بەردەوام بە...".

* * *

(٦)

لەکاتێکدا دوو هونەرمەندی بیانی رامان و دیتنیان دەربارەی سرووودێکی کوردی وابێت، ئەی بۆ دەبێت کەسێکی نەزان بەهونەرو زانستی مووزیك ڕێگر بێت لەبەردەم بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی وادا...؟

بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە رووی پرسیارم لەچەند کەسێکی هونەرمەند کرد، لەئاکامدا بۆم دەرکەوت کێشەکە تەنێ ئەو سرووودە نییە.

هونەرمەندی دەنگ خۆش خالید ڕەشیدیش هەڵبەستی (سەربازی ون)ی پەشێوی شاعیری بەگۆرانی و کلیپێکی نایاب نزیکەی ساڵێکە لە سەتەلایتی کوردستان کەوتووەو بڵاو ناکرێتەوە.

مەرزیە فەریقی جوانەمەرگ (بەڵێن بدە)ی پەشێوی بەئاوازو دەنگێکی ساف و بێگەرد و بەکلیپێکی هونەری کردووەو تائێستاکە بڵاو نەکراوەتەوە.

ئەی دەبێ (CD)یە تازەکەی ژنە گۆرانیبێژ (مریەمی ئیبراهیم پور) کە سەرتاپای سیدیەکەی خۆی پێشکێشە بە عەبدوڵڵا پەشێو، دەبێ ئەم بەرهەمەش لە سەتەلایت بەیەکجاری قەدەغە نەبووبێت؟ زۆرم هەوڵدا لەنهێنی ئەو کارە تێبگەم، سەرێکم هێناو سەرێکم برد، هەر تێنەگەیشتم، بەڕێکەوت ئێوارەیەك لەستۆکهۆڵمەوە بەنیازی هەواڵپرسین، زەنگێکم بۆ کاکە پەشێو لێدا، لەدوماهی قسەکانمدا پێمگوت ئەرێ کاکە پەشێو ئەتو وەرە پێم بڵێ ئەوە لۆ ئەو سترانبێژانەی هەڵبەستی تۆیان کردیتە گۆرانی یانیش سرووود لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پایتەخت ڕەواجی بڵاو کردنەوەیان نییە، پێتانوایە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ کاکە پەشێوی شاعیر لەوەڵامدا بەهێواشی و لەسەرخۆ پێیگوتم: کاکی خۆم ئەمن ماڵی ئەو سترانبێژانەشم کاول کردیە، دەزانی لۆ..؟

ئەمنیش لەوەڵامدا، گۆتم لۆ..؟

پەشێو بەپێکەنینەوە، گوتی: ئەوە منم قەدەغەم، نەك ستران و سروودی سترانبێژان..!!

هەولێر ٢٠٠٥/١٢/١٦

سەرنج:
بۆ گوێ گرتن لەم سروودە سەردانی سایتی: www.chramusic.com بکە

کەلسوم عوسمانپور:

(نالی) زۆر سەرسەریانە تەماشای مەستورەی کردووە

مەستورە کە حەسناوو ئەدیبە بەحیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ

هاتووم، وتی، عوقدەی هەیە، قەط مومکینە وابێ؟
هی تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بەجەوابێ

هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کە دەخلی بکا (چین و حەطا) بێ

ئایینە دەمایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ
(مەستورە) بەم ئەستورەوە بێ موهرە گوشا بێ

نوکتێکی ظەریفە با نەصیبی ظورەفا بێ
تەعریفی دەکەم ، بەڵکو لە بۆ دەردشیفا بێ

(نالی)

میدیا هەولێر/ وتارەکەی عوسمانپور لەفیستیڤاڵی مەستورەدا، گەورەترین گفتوگۆی لەفیستیڤاڵەکەدا دروستکرد. وەڵامەکەی د. حەسەن جافیش بۆ کەلسوم گفتوگۆیەکەی لەلای کەلسوم عوسمانپور گەیاندە ڕادەی تووڕەبوون.

کەلسوم عوسمانپور لەساڵی ١٩٦٨ لەهەورامان لەدایکبووەو لەمەریوان گەورە بووەو خوێندوویەتی و لەزانکۆی سنە لیسانسی لەئەدەبی فارسی وەرگرتووە، دوای ١٠ ساڵ کاری نووسین و وێژەری لەڕادیۆی سنە، ئێستا ماموستای ئەدەبی فارسییە لەقۆناخی ناوەندی و دواناوەندیی لەسنە.

کەلسوم عوسمانپور کە دوای تەواوبوونی دانیشتنی ئێوارەی ڕۆژی دووەمی فیستیڤاڵەکە، کە پڕبوو لەگفتوگۆکردن لەبارەی وتارەکەیەوە بۆ (میدیا) دوا. هەر چەندە ڕەنگە کەلسوم عوسمانپور یەکەمین ژن بێ ئاوا توند ڕەخنە لە (نالی) بگرێ، کەچی لەبارەی هۆگربوونی خۆی بەئەدەبی کوردییەوە گوتی "هۆگرییەکەم بەئەدەبی کوردییەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، بەتایبەتی کە باوکم زۆر عەلاقەداری شیعرو ئەدەبیاتی هەورامی بوو، دیوانی مەولەوی و نالی و شاعیرانی دیکە بەدەنگێکی خۆش دەخوێندنەوە" کەواتە هەروەك خۆی دەڵێ دەنگی باوکی و یەك لەوان شیعرەکانی نالی وایانلێکردووە هەستبکات "ئەدەبیات وەك پەناگەیەك دەتوانێ ڕەفیقی شەفیقی من بێ و هەمیشە لەلام بێ و یاری غارم بێ". کەلسوم لەبەر نەبوونی ئەدەبی کوردی لەخوێندنی ڕەسمی ئێراندا، تەنیا لەڕێگەی خوێندنەوەی دەرەوەی قوتابخانەو زانکۆ شارەزایی لەسەر لەسەر ئەدەبی کوردی پەیداکردووە.

"نالی" کەسێکە لەبەر ڕێزگیری زۆر، زیاتر بەحەزرەتی "نالی" لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا ناوی دێت، ئینجا کەسێك کە نالی بخاتە بەر ڕەخنە خۆیشی دەکەوێتە بەر هێرش "بەر لەوەی وتارەکەم بنووسم، پێشبینی ئەوەمدەکرد بکەومە بەر هەڵمەت و عەزیەتم بدەن، بڵێن نالی کەسێك نییە کە تۆ بتەوێ ڕەخنەی لێبگری".

کەلسوم دەڵێ "من دەزانم کە نالی پێغەمبەری شیعری کوردییە، ئەوە هیچ شکێکی تێدا نییە" لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوە دەکات "ناتوانم ئەوە بێژم کەشاعیربوون سەنەدێکە بۆ مەعسوم بوون"، کەلسوم دەڵێ من بە بەڵگەی عەقلی و مەنتقی دەیسەلمێنم کە نالی لەحوجرەکەیدا لەبارەی مەستورەوە "هەڵەی گەورەو گرفتی گەورەی ڕوحی و دەروونی هەبووە". هەروەها دەڵێ کەمن ئەو بەڵگانەم لەخودی شیعرەکانی نالی و لێکدانەوەی وەزعی ئەو کاتەی نالیەوە وەرگرتوون و، پێویستیم بەئازایی و جەسارەت نییە بۆ ئەو ڕەخنە گرتنە.

کەلسوم کەبەجۆرێك لەتوڕەیی ژنانەوە دەدوا، دەیگوت من ڕەخنەم لەوە نییە کە نالی وەکو پیاوێك ئارەزوومەندی جەستەی ژنێك بێت "ئەوە گوناح و ناپەسەندو حەرام نییە"، ئەوەی کەلسوم ڕەخنەی لێدەگرێ شێوازی دەربڕینی نالییە "لەشێوازی ئاشکرا گوێی ناخوداگایی و هەستە دەروونییەکەی". کەلسوم لەو بارەوە دەپرسێ "باشە چۆن ئەو کەسایەتییە گەورەیە، ئەو ماموستا ئایینییە کاری ئاوای کردووە، بەڕاستی زۆر حەیف کە کاری وایکردووە".

مەستورە کوردستانی بەدانانی شۆڕەتی کوردستانی، نووسینی مێژووی ئەردەلان، نووسین لەبارەی شەریعەتەوە، نووسینی شیعر لەسەدەی ١٩دا جێگەیەکی تایبەتی لەمێژووی کوردیدا هەیە، کەلسوم عوسمانپور پێیوایە بێجگە لەگرێ دەرونییەکەی نالی لەبارەی مەستورەوە مەبەستیشی لەو هەجوەدا "ئەوە بووە کەکەسایەتی مەستورە بڕوخێنێ". ئەو دەڵێ من دەروونناس نیم و دەبێ پسپۆڕانی دەروونناس لەو حاڵەتە دەروونییەی نالی بکۆڵنەوە "نالی کەسایەتییەکی قوڵ و عەزیمە، هەروا سەرسەری ناتوانین قسە لەو بارەیەوە بکەین، دەبێ دەروونناسەکان ئەوە لێکبدەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن بۆ ئەوەندە مەسەلەی جنسی تەرحکردووە، بۆ ئەوەندە غەرقی کردووە لەهێزو توانای جنسی خۆی لەو هەجوەدا".

ئەوە بۆ کەلسوم لەنالی دا مایەی پارادۆکس بووەو، شتێکی دژ بەیەکە لەنالی دا. کەسێکی ئاسایی نەخوێندەوار پێویستی ژن تەنیا بۆ کاری ماڵ و کرداری جنسی بەپێویست دەبینێ ئەو دەڵێ "ڕەنگە نالی ئەو هەستە هاوبەشەی هەبێ، بەڵام دوژمنایەتییەکەی بەشێوەیەکی عادی نییە". ئەو پێیوایە نالی کە شاعیرێتی خۆی لەگەڵ مەستورەدا بەراورد دەکا، خۆی زۆر پێ گەورەترە، کەچی مەجبورە لەچێشتی مجێور بخوات. لەوە نارەحەت بووە بۆچی ڕۆژگار ئەوەندە ناعادل بێ بەرامبەر ئەوو مەستورەش لەو دنیایەدا هێندە پایە بەرز بووە. بێجگە لەوەی کە بەکەمزانینی ژن لەسەردەمی نالی دا شتێکی زۆر ئاشکرابووە.

کەلسوم لەڕوانگەی خۆیەوە باسی "هەڵە"ی نالی دەکات و دەڵێ "نالی زیاتر وەك ژنێك تەماشای مەستورەی کردووە. تەنیا لەبەیتی ئەوەڵدا باسی ئەدیببوونی مەستورە دەکا، ئەویش زۆر سەرسەری و، لەزوان خۆیەوە نابێژێ بەڵکو لەزوان کەسانی دیکەوە دەیڵێ و خۆی تەئیدی ناکاو خۆی ئیمانی بەئەدیببوونی مەستورە نییە". لەدیدگای کەلسوم عوسمانپورەوە نالی بەهەموو شێوەیەك خۆی لەتواناکانی مەستورە بواردووە و لایەنە جنسییەکەی مەستوورەی هێندە زەقکردووەتەوە چاوی خوێنەر تەواو دەکەوێتە سەر لایەنە جنسییەکەی ئەو ژنە داهێنەرە کوردە "نالی مەسەلەی جنسی و ژنانەی مەستورە هێندە مەترەح دەکا، کەشتەکانی دیکەی نابیندرێن". کەلسوم لەهەمانکاتدا ئەو شەهادەیەش بۆ ئەو هەجوەی نالی دەدا کە لەو پەڕی دایە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەموو کەسێك ئەگەر بەئاگاییەوە بیخوێنێتەوە بێزی لێدەبێتەوە "بەڵام نالی لەمەبەستەکەیدا کەم لوتف بووە".

کەلسوم عوسمانپور بەشێکی هۆکاری ئەو مەبەستەی نالی گەڕاندەوە بۆ "حوجرە" کە بەپێی پرسیارکردنی کەلسوم، چونکە فەقێیەکان ئەو کات ژیانێکی سنورداریان هەبووەو هەر خەریکی خوێندن و ئەزبەرکردنی شتی قورس بوونە ئەو جۆرە گاڵتەو گەپە باوبووە لەنێویاندا. "ئەو نەوعە بێ پەردەیی و ئەو جۆرە قسەکردنە باوبووە لەحوجرەکاندا، وابزانم ئەوەش یەکێك بووە لەهۆکارەکان. چونکە من لەسەر ئەگەرەکان قسەم کردووەو حوکمی یەقینم لەسەر هیچ شتێك نەداوە".

ڕێبوار سیوەیلی کە لەکتێبێکیدا لەبارەی نالییەوە بەدرێژی لەبارەی ئەو هەجوەی نالییەوە دواوە هەر چەندە کەلسوم پێیوایە "ڕێبوار سیوەیلی زۆر عالمانەو بەوپەڕی وردی کاری کردووەو، من زۆر سودم لێ بینیوە" بەڵام لەهەمانکاتدا ڕەخنە لەوەدەگرێ کەشیکردنەوەی سیوەیلیش لایەندارانە بووە بۆ پیاو "سیوەیلی زۆر لایەندارانەو تەرەفدارانە لە نالی تەعامول دەکا کەدەڵێ بەحورمەتەوە تەماشای مەستورە دەکا، ئەوە حورمەت نەبووە نالی کردوویەتی، حورمەت لەو دێڕەدا نییە" کەلسوم عوسمانپور دەڵێ نالی عوقدەیەکی بەرامبەر مەستورە هەبووە "پرسیارێك کە لەسەر ئەو پێغەمبەری شیعرە هەیە ئەوەیە، کە عوقدەیەکی هەبووە، عوقدەکە گەورەو زانستی نەبووە، بەڵکو ئاسایی دەبێتەوەو دەبێتە نیازی ئینسانێکی بیدائی و بەدەوی".

د. حەسەن جاف کە بەجۆرێك لەخەندە ئامێزییەوە وەڵامی کەلسوم عوسمانپوری دایەوە، گوتی خوشکە کەلسوم دەڵێ پیاوەکان بسکەی سمێڵیان دێت بەو دێڕانە، منیش دەڵێم هەموو ژنەکان کە ئەو دێڕانەی نالی لەبارەی مەستورەو جنسەوە دەخوێننەوە کەیفیان دێت. ئەو قسانەی د. حەسەن جاف بەچەپڵەیەکی گەرمی ئامادەبووان کۆتاییان هات.

کەلسوم عوسمانپور کە لەوێدا پێیگوت دەباشە ئایا کچ و خێزانەکەت کەلێرەن ئەو دێڕە شیعرانەیان پێخۆشە. کەهەندێ کەس ئەوەیان وەك جنێوێك لێکدایەوە. هەروەها ماجید رووحانیش وێڕای داواکردنی کۆتایی هێنان بەو گفتوگۆیە گوتیشی مەستورە زۆر گەورەیەو گوتیشی "وەك دەڵێن دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێ".

کەلسوم عوسمانپور بۆ (میدیا) گوتی "من پێمخۆش بوو بە بەڵگەی عەقلی و مەنتقی وەڵامم بدرابایەوە، نەك بەگاڵتەو نوکتە". و پێیوابوو ئەوانەی چەپڵەیان بۆ قسەکەی د. حەسەن جاف لێدا مەرج نییە لەگەڵیدا هاوڕا بوون. لەهەمانکاتدا گوتیشی "ئەوەی جێگەی داخە بۆ من هێشتا شارستانیەت زۆر کەم ڕەنگە لەکۆمەڵگای ئێمەداو هێشتا بیرکردنەوەی عەشیرەیی و لادێیی باوە".